# 2000/7/14 ڕۆژێك بۆ سەركوتی سیاسی

**وەڵامێك بە"مەلا بەختیار"**

**هیدایەت مەلا عەلی**
2005/4/30

**ڕادیۆی لاوان لە شاری یۆتۆبۆری سوئیدی گفتووگۆیەكی لە گەڵ "مەلا بەختیار " ئەندامی مەكتەبی سیاسی " ی ن ك " ئەنجامدا .وە لە وەڵام بە پرسیاری گوێگرێكی گفتووگۆكە سەبارەت بە هێرشی سەربازی"ی ن ك" بۆ سەر " حككع " مەلا بەختیار ووتی : ئەوانە 15 چەكدارێك بوون بە مەفرەزەیەك تەمێمان كردن . من بەم ووتارە ئەمەوێت ئەو ڕاستیانەی كە "مەلا بەختیار " شێواندوونی و ئەیەوێت پەردەیەكی ڕەشیان پێدا بدات لە دوو گۆشەوە وەڵام بدەمەوەو دواتر دادوەری بۆ كۆمەڵانی خەڵك بەجێدەهێڵم ."مەلا بەختیار " كاتێك دەڵێت ئەوانە 15 چەكدارێك بوون بە مەفرەزەیەك تەمێمان كردن گەرەكیەتی بە سادەی ناوەڕۆكی سەركوتگەرانەی حیزبەكەی بپۆشێ . بەڵام كردەوەیەكی سەركوتگەرانەكە ئەو لە بارەیەوە ئەدوێ , ڕووداوێكی سادەی سەردەمانی شاخ نەبوو كە بتوانێ بەم قسە پرتوكاوانە بیپۆشێ .**

**2000/7/14 پەلامارێكی سەركوتگەرانەی "ی ن ك" بوو كە لەنێو جەرگەی شاری سلێمانی و بە بەرچاوی خەڵك و بە ئاگاداری هەموو حیزب و لایەنەكانی كوردوستان ڕوویداوەو هەموومان لە سەنگ و قەوارەی هێزەكان بە پلەیەك ئاگادارین ئەڵبەت لەم ڕووداوەدا "مەلا " خۆی لە گیلی دەداو نایەوێت ئەوە وەبیرخۆ بێنێتەوە كە 3 ڕۆژ پێش تاوانەكەیان گردەكەی " عەلی ناجی" و گەڕەكە كانی دەوروبەری ئەتووت " مەنع تەجەولەكەی" ساڵی 1985 بەڵام بە سەرباز و سەركردە و دەسەڵاتدارێكی تازەوە ."مەلا" نایەوێت وەبیر خۆی بهێنێتەوە كە هێرشی حیزبەكەی بۆ سەر "حككع " بە بڕینی ئاو ,كارەبا, تەلەفون و گەمارۆی ئابوری دەستی پێكرد .**

**لەم گەمارۆدانەشدا بارەگا و ڕادیۆ و بنكەی ڕێكخراوە جەماوەریەكان بە سەدان ئاسایش و دەزگای زانیاری و مەفرەزەی تیا چالاك بوو . تەنانەت بەكارهێنانی قەناسە بە قەولی خۆتان بۆ شەڕی كەو كوژی و هەموو ئەمانە نەبۆ تەمێ كردنی چەند كەسێك بوو وەنە لە بەرامبەر 15 چەكداردا بەڕێتان خستبوو , بەڵكو هێرشێكی سەربازی بوو بۆ ئامانجی سەركوتێكی سیاسی . تیرۆر كردنی 5 ئەندامی " حككع " و شاردنەوەیان بە تاریكی شەو لای كاك "مەلا" چ مانایەكی هەیە سەركوت یان تەمێكردن . "مەلا بەختیار " ئەیەوێت بەم قسانەی ئەو سەركوتە بشارێتەوە كە بووە بە بەشێك لە مێژووی حیزب و بزووتنەوەكەی . من پێم وایە هەركەس باسی تەمێكردن و سەركوتگەری حیزبەكەی پەردەپۆش بكات ئەبوایە "مەلا بەختیار "ئەو كارەی نەكردایە . چونكە "مەلا " چاك ئەزانێ حیزبەكەی چۆن مامەڵە لەگەڵ لایەنە موخالیفەكانی خۆیدا كردووە و دەیكات . بەڵكو لە نێو ڕیزەكانی یەكێتی خۆیدا "مەلا بەختیار"هەڵگری تەجروبەیەكەو دەزانێ كە چۆن لەسەر موخالەفەت كردن بە سەركردایەتی یەكێتی چ چارەنووسێكی بەسەر هات و چۆن بووە زیندانی حیزبەكەی ئێستای وچۆن بەیانیان لە خەو هەڵیان ئەساند و چۆن سەرانی حیزبەكەی ئێستای لەگەڵیا ئەجوڵانەوە . هەر كەسێك ئاشنایەتی بەكارنامەی ملهوڕی و سەركوتگەری یەكێتی بێت دەزانێ كە سەركوتی سیاسی لای حیزبەكەی "مەلا بەختیار " مێژوویەكی دوور و درێژی هەیەو تەنها بە " حككع " و تیرۆركردنی هاوڕێیانی ئێمەوە قەتیس نابێتەوە . شەڕی ناوخۆ و لووت و گوێ بڕینی سەدان دیل و كوژراو , تیرۆركردنی حەمەی حەلاق و هاوڕێ كانی , تیرۆركردنی بەكر عەلی , پێش لە شكری بۆ سوپای پاسداران و هێرش بۆ سەر حیزبی دیموكرات , پێش لەشكری بۆ توركیاو هێرش بۆ سەر پەكەكە , تیرۆركردنی 5 ئەندامی حیزبی دیموكرات ساڵی 97 لە بازگەكانتان,تەقە كردن لە خۆپیشاندانی هێمنانەی خوێندكاران,تیرۆر كردنی دەیان ئەندامی كۆمەڵە لە سنوری دەسەڵاتەكەتان ,كڕین و داگیر كردنی بارەگا ولق و ناوچەی حیزبە هاوپەیمانەكانتان , ئەمانەو دەیان نموونەی تر بۆ هەموو كەس ئاشكرایە كە ناتوانرێ بخرێتە خانەی تەمێ كردنەوە . بەڵكو ئەمانە جگە لە كردەوەیەكی سەركوتگەری سیاسی شتێكی تر نادەن بە دەستەوە .**

**"مەلا بەختیار " لە وەڵامی پرسیارەكەدا بە جۆرێك ئەیەوێت وا وەڵام بداتەوە كە شتێكی وەها نەبووە چۆن مەلا یەك لە حوجرە داركاری فەقێكانی دەكات ئەمانیش هەر شتێكی وایان كردووە . بەڵام من بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیە بۆ خوێنەر و تەواوی خەڵك ڕوون بكەمەوە قسەی خۆم ناكەم و دۆستێكی حیزبیش ناكەم بە شایەت بەڵكو بەشێك لە شكاتنامەكەی "نەزەر عەلی " وەكیلی وەزیری ناوخۆتان بۆ دەهێنمەوە پاشان خۆتان حوكم بدەن ئەوەی**

"نەزەر عەلی " باسی دەکات چەند کەسێکن و بە مەفرەزەیەك تەمێ دەکرێن یان حیزبێکی سیاسی و کاریگەر لەسەر کۆمەڵگا . "نەزەر عەلی " ئەڵێت "ئیجرائاتی یاسای لە دژی ئەم حیزبە بکەن . ئەویش بەداخستنی هەموو نووسینگە کانی ئەم حیزبە لە هەرێمدا . چونکە ئەگەر ئیجرائاتی پێویست بۆ قەدەغەکردنی چالاکیەکانیان لە هەرێمدا نەگیرێتە بەر ئەم حیزبە دەبێتە مەترسیەکی تێکدەر بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆو دەرەوەمان"

هەرکەس ئەم چەند دێڕە بخوێنێتەوە تێدەگات کێشەی نێوان ئێمەو ی ن ك کێشەی نێوان مەفرەزەیەك و چەند چەکدارێك نیە.بەڵکو کێشمەکێشی نێوان دوو حیزب و دوو بزووتنەوەی جیاوازە کە ئێمە نوێنەرایەتی خۆشگوزەرانی و ئازادیەکانی خەڵکی کوردوستانمان دەکرد و دەیکەین .

بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێت و ڕووداوەکان مێژوو تۆماری کردون بەکەس ئاوەژو ناکرێتەوە .

بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق